# بڕیارنامە سەبارەت بە شیعاری :

# ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کریکاری

لەبەر ئەوەی :

بەگشتی تەبلیخاتی حیزب ناکرێ و نابێ بە تەبلیخی هەڵوێست و شیعارە تاکتیکی یەکانی حزبی کومونستی ئیرانەوە ببەستریێتەوە و هەر ئێستاش بە دروستی ناوەڕۆکی بەشی لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بەردەوام تەبلیخ کراوەو شی دەکریێتەوە و هەروەها بڕیک خاڵی ئەم بەشە لە بەرنامەی حزبیش ، وەک شیعاری دیاریکراوی تەبلیخی لە تەبلیخاتی حزبدا دیتەگۆڕ !

لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بە ڕوونی میحوەرو جیهەتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتالیا، یانی دکتاتۆری پرۆلیتاریا و دامەزراندنی سوسیالیزمی دیاری کردوە و ئەم هەڵوێستە بناغەی یەی حزبیش، جگە لەوەی کە هەر ئێستا لە مەیدانی تەرویج مان دا باسی لێ دەکرێ، دەبێ وەک شیعار لە تەبلیخاتی ڕۆژانەی حزب دا بیێتەگۆڕ !

تەنیا تەبلیخی بەردەوام و ئوسوولی لەسەر پێویستی دامەزراندنی حکومەتی تاقانەی چینی کریکارو پەروەردەکردنی جەماوەری بەرینی چینی کریکار بەم ئامانجە کۆمۆنیتستی یەوە، دەتوانری دەورو خەسڵەتی تاکتیکی جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ لە ئیستراتیژی و بەرنامەی شورشگیرانەی حزبی کۆمۆنیست دا بە دروستی لە تەبلیخات دا بیێتەگۆڕو وێرای بانگەوازی بەردەوامی بەرین ترین جەماوەری کریکاو زەحمتکێش و توێژ زۆرلێکراوەکان وگشت هێزەکانی دیموکراتی شۆڕشیگڕ بەرەو لای ئەم جمهوری یەی، ئاسۆی شۆڕشی بێ وچان و هەتا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بخریێتە بەرچاوی چینی کریکار :



هەرچەشنە کەم تەرخەمی یەک لە تەبلیخی ئامانجە بەرنامەیی و بناغەیی یەکانی حکومەتی کریکاری پێ بە پێی تەبلیخی شیعاری تاکتیکی جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێر، دەبیێتە هۆی ئەوەی کەجەماوەری کریێکارو زەحمتکیش، وە بەتاییەت ئەو بەشەی کەلەم دوایانەداو ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر بەرەو کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی ئیران ڕادەکێشرین، لەڕادەی جۆراوجۆردا حزبی کومونیست هەر لە هەلوێست و شیعارە تاکتیکی و قۆناغی یەکانی ئێستایەوە بناسن و ئەم ئیشە تەگەرە دەخاتە ڕێگەی پێک هێنانی پەیوەندی قوول لە نێوان جەماوەری چینی کریکاو حزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەساسی بەرژەوەندو قازانجی سەربەخۆی پرۆلیتری یەوە، دەفتەری سیاسی حزبی کۆکۆنسیتی ئیران پەسەندی دەکا کە :

شیعاری ؛ ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کریکاری ؛ دەبێ وەک شیعاریک کە جەوهەری ئامانجە سوسیالستی و پرۆلیتتری یەکانی سەر بەخۆی حزب لە خەبات لە پێناو دەستەلاتی سیاسی دا بەزمانێکی سادەو لە هەمان کات دا بەزوویی بەیان دەک، وێرای شیعارەکانی تری ئیستای حزب، لە تەبلیخاتی ئورگانە سەراسەری و مەحەللی یەکان و لە تەبلیخی هاوڕی یانی موبەلليخی حزبی دا دابنرێ. پێویست ئورگانەکان و هاورێ یانی موبەلليخ بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم شیعارە سەرنج بدەنە ئەم خالانەی خوارەوە :

مانای ئازادی لەم شیعارەدا لە دیموکراسی سیاسی واوەتر دەبێ و بەیانی گشتی و جەوهەری مەسەلەی ڕزگاری چینی کریکارو توێژ زۆرلێکراو و چەوساوەکانە لەچنگ گشت کۆت و بەندێکی کۆیلایەتی چینایەتی و هەموو پەیوەندو دام ودەزگای کۆمەلایەتی، سیاسی و فەرهەنگی سەرکوت کەری کۆمەڵگای بۆرژوایی .

؛ بەرابەری ؛ لەم شیعارەدا بەمانای ئەو بەرابەری یە کۆمەلایەتی و ئابووری یەیە کە بە هەل وەشانەوەی مالکییەتی تاییەتی و بەسەر ئامڕازەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەدا و بە دامەزراندنی مالکییەت و چاودێری کۆمەلایەتی لە سەریان، لە کۆمەڵ دادەمەزرێ . ئەم ؛ بەرابەری

،یە لە چوارچێوەی بەرابەری حقووقی   ئینسانەکاندا نامێنیتەوە بەڵکو بەمانای بەرابەری ڕاستەقینەی ئەوان لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دایە .

حکومەتی کریکاری ؛ بەیانی سادەی دکتاتوری پرۆلیتاریایە، لە کاتی ڕوون کردنەوەی دا دەبێ پێوستی بەدەستەوە گرتنی دەستەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کریکارەوە و باسی دەورو تایبەتمەندی یەکانی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی بەشی ئسووڵی و لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران و بەڵگە بناغەیی و جیهانی یەکانی کۆمۆنیزم بێتە گۆر و تەبلیغ بکرێ .

دەفتەری سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئیران
1982